# چوار هۆنراوە

**پوترس نەباتی**
**لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوللا یووسف**

**١- کۆچی شاعیرێک**
شاعیر هەندێ لە پەڕەکانی خۆی خڕکردەوە
هەندێکیش لە کۆنە زامەکانی خۆی
بە نیازە کۆچ بکات
ماوەڕێیەکان ببڕێت
لە شوێنێ بەرەو شوێنێکی تر، دەریاڕۆیی بکات
فانۆسی باوکمی هەڵگرتووەو بزگوڕی جان دەمۆش
لە پەندکی ئەحیقارەوە، هەندە ئایەتی وێیە
لەسەر پەڕەیەکی پێستەئاسک
خواچە ئەیا، بۆی خەتکێش کردووە
لەچامەی ئەو خۆی بینیویەتی و هەواڵی زەمانە
هەندە دێڕی پەرتوبڵاوەی پێیە
مۆرەکەبدانێکیش، ساڵانێکە حوبرەکەی وشکبووەتەوە
لە خەریکەی سووتاندنی چامەکانی خۆی
شاعیر بە باڵی دووکەڵەکانیان فڕی
پێیەوە بێ نیشتمان بوو، بێ شوێن.

**٢- وتانێک لە ئەحیقارەوە لە بارەی سەردەمی ئەڤین**
کە ئەحیقاری پەندیار لە چیا هاتەخوار
گەلەخەڵکێکی بینی
بەسەر نۆبەرەی گیای شینبووی
کەنار جۆبارێک گردبوونەتەوە
مچڕکێکی گەرمیلە..
گیانی مامۆستای داگرت و
پڕ نەشئەیەکی جۆشدار بوو
وەک شنەیەکی بەیانیانەی وێڵیش ڕەتبوو
❊ ❊ ❊
مامۆستا تەواوێک لە شینیی چاوم ڕاما
بەناو قووڵییەکانیدا نقوم بوو
مامۆستا زاری کردەوە..
وشەی لێڕژا
وەک ئاوی جۆبارێک دەترووسکان، هەڵڕژان
❊ ❊ ❊
مامۆستا بە ناسکە دەنگەکەی خۆی، وتی
تۆ بۆ لە ئەڤین ترساوی؟
بۆ هەڵدێی..؟ بۆ بەرەو کوێش..؟
❊ ❊ ❊
کوڕەکەم ئەڤین وەک ئاوی ئەم جۆبارەیە
کە لێی بخۆیەوە، یان بە شاعیر وەرتدەچەرخێنێ
یانیش نیوە خواچەیەک..
ئەڤین، شنەبایەکی نەرمە



وەک تەنراوەی پەرییەکانی ئاسمان
شنەیەکەو لەگەڵ بەیاندا دێت
موچرکێکی چێژدارەو بە خودی خۆتدا دەگەڕێ
جا لێتەوە دێ، بۆنخۆشەی گوڵان.
* * *
کوڕەکەم گەر ئەڤین نەبوایە
عەشتار دانەدەبەزییە جیهانی ژێریک و
دانەدەگەڕا بەناو ئەو سام جیهانە
بۆ ڕزگارەی ئەڤیندارەکەی دموزی
لە چنگ ئێرش کیگال و
چارەنووس و قەدەریش بەربڕیار نەدەبوون
* * *
لە ناوەوەت، پترترین هێماکی تۆڤەقووڵە
هەر ئەڤینە
کوڕەکەم لە ناوەوەت نایابی چەقگەی ئارەزوو
هەر ئەڤینە.
* * *
ئەڤین لە تامی شەراوی کۆنینەکراوی دێری دێریندایە
ئەو ڕەهبەنی پەرسگار، ڕوونیشتەی سەر دوندی
شاخێکی بەرز
شەراوەکە دەنۆشێت.
* * *
شتێ لە ئەڤینەوە
لە ناو تامی مەیەی پاکناکە
شتێ لە ئەڤینەوە
لەناو پیرۆزی و چێژەی تاڵایەتی
* * *
کوڕەکەم..
لە ناو چریکەی بلبل، ئەڤین دەدۆزیتەوە
هەروا لە ناو گریە و ڕۆڕۆی بێوەژنێک
خۆشەویستەکەی لێ ون بووە.
* * *
ڕۆڵەکەم....
لە بن پێڵووی بە فرمێسک و غەمبار، ئەڤین دەخەوێ و
لەناو کەنینی ساکارانەی مناڵێتیدا، خۆی دەرسمێنێ.
* * *
لە پێناو ئەڤینا، ڕۆڵەکەم..
شتی خۆش و باش لە خۆت قەدەغە مەکە.
هاوسەری ناو کۆشت لە باوەش بگرە
منداڵەکەت چۆنی بوێ، وا بینازێنە.
* * *
ڕۆڵەکەم.. خەڵوەتگەی ئەڤین بەندیخانە نییە
بەندکارە قسەخۆشەکەت نەشمشێروانێکی تیژخووە و
نەجەللادیشە، لەگەڵ جانەوەران بژێت.
* * *
جا هزرۆکەی نەمری بۆ خواچەکان بەجێ بێڵە
تا پێت بکرێ ڤینکار بە
ئەوە خۆی خۆشبەختی ژیانە

کە ونی بکەیت،
هەرچەندیش مەرەقدار بیت
قەد بۆت ناگەڕێتەوە.

**٣- من و ڕەڤی کۆتران**

گوێم لێبوو یەکێ بانگی دەرەوەم دەکات
بە دەنگێکی غەمناک بانگەوازەی کردم
عەینەن سوبحانبێژەی فریشتانە
لە شەوەزێدا
ئەوەی لە ئەژنەفتیمان دەترینگێتەوە
تا لە ناوەندی کانوونەشەوێکی هێڕ و هوڕدا
خۆمان پێ گەرم بکەینەوە
تێمگوورا، وتی:
دەرچە لەبۆ خۆت، تیشکەنوورێک ببینە
ڕووی زەوی و عاسمانی داپۆشیوە
پاش خازخازییەکی زۆر و
تلانەوە و چاوەنۆڕییەکی درێژیش
چوومەدەرەوە...
نیگاگێڕەی بڵنداهی بووم
جگە لە تاریکی هیچی دیم نەبینی
بەڵام لە سپی کۆتر، ڕەوەیەکم بینی
لە دەورەم دەنیشن
دەورەم لێدەدەن
فڕەفڕ بەباڵەکانیان دەخەن
بە جووتباڵیان لەڕووم دەدەن
کەڕەتێک بە سەر شانم هەڵدەنیشن
کەڕەتێکی تر
بە باڵەکانیان هەڵمدەگرن و
بە سەر هەوران دەمفڕێنن
* * *
بینیم هەندێک بەناوی خێوک، تەسبیحات بۆ هاتیار دەبێژن
دابەزیم هەر وەک چۆن پەڕەشووتدارێک دادەبەزێ
کاتێ لە مەیدانی جەنگ، بە گوللەیەکی شێت فڕۆکەکەی دەپێکرێ
بینیم زەمینی ژێر پەڕەشووتەکەم
وشکەو گەنی..
وێرانە و چۆڵەوار..
تلیش تلیش دووکەڵی لێ هەڵدەستێ
ڕەوەکانی کۆتر، ئەوانەی بە باڵ هەڵیانگرتبووم
هاوارم لەسەر کردن
بەرەو بڵندایی بەرزم کەنەوە
من سەر بەم شوێنە نیم
بۆ هانا، بانگم کردن
تکاکاری ئێوەم ئادەی.. بڵندم کەن.. جارێکی تر
بابچینە ئەوێ کە لێی بووین
سەرڕەف ئاوڕی نەدایەوە و هەر هانی کۆترەکانی دەدا
بە هێز بفڕن...

تا لە بەری ئاسمان، بوون بە خاڵێکی بچووک
خۆم گۆشەگیرکرد لە هەتاو ڕادەمینێم
دیسان لە کولانکەیەک هەڵدێت
کە چیاکان دروستیان کردووە
لە پێش خواچە شمش کڕنووشم برد
تکای لێ دەکەم لە پەندکەی خۆی تیشکێک بنێرێ
تا مرۆڤ پاکژبکات..
تا شوێن ڕووناک بکاتەوە..

**٤- سەرەتا تۆفان بوو**
(وەبیرخەرەوەکان)
لە دەسپێکەوە
جیهان پۆشراوەی پشت وشەکانە
خوێنچۆڕەکەت دیوارەکانی پەڵەدار دەکات
برینەکانیشت گەردوونی کەوەڕەنگ پڕدەکەن
بە هات و هاواری کیژۆڵان
گریەی ژنانی کۆسکەوتوو
هەوزینگەی مردووان
بە تۆقین لە تۆفان
تۆ تاکەی هاوار وەبەر
ویژدانی جیهانێک دەبەیت
سەدان ساڵە
نێژراوەی بن گوفەکانە؟!
(نوێژی دایکم)
بە شووشەیەکی شکاو
دایکم شیری دامێ
چاخانێکە
هەروا پارچەکانیم تەقەت کردووە
تا ئێساش
لایلایلایەکانی دایکم
تێدەگەڕێ بەناو گۆشە و ڕێوبانان..
لە ئێوارەکان
بە ترپەبێژی و حەقایەتان
ئەژنەفتەکانم پڕدەکات
لە سەحەران دەبیینم
لەناو پەرسخانەکەیدا کڕنووشی بردووە
هەزاران جار
دەیلێتەوە (باوکەمان لە....)
تا پێیەوە دەنگە میهرانەکەی نووسا
لەوەتەی باوکەمان زەمینی جێ هێشتووە
شێتایەتی خۆی تێدا ڕەوابازی دەکات!
(کۆچکردنی نەخشەیەک)
بە یادەکانی کوژیاران
دەشت و شارانێک بەپەڵە خوێن هەڵسوان
نەخشەیەکیش
دەستی بە دەریاڕوویی کرد بەرەو دوور
لە پێچپێچەی گەردوون ون دەبێ و
هێدی هێدی نامێنێ

جا بە هەتاهەتایەی ڕۆژگار
دەبێتە داڵدەی قەلان و
تاڵانکراوەی دزەکانی گۆی زەمین
تێیدا کوندەبۆی کەلاوان
بە جووتەچاوی هەنگیناوی
تا دوا کوژراو ژێر خۆڵەوە بکرێ
هەر زەق دەنۆڕێ
(موزەخانەکانی مەرگ)
هەر لە یەکەم چارێکی سەدەی یەکەمەوە
موزەخانەکانی ئەم کووچانە
جگە لە لاشە، چیدی بەرچاو ناکەن
لەسەر بانەکان
پشت پەنجەرە داخراوەکان
لە سەر پیتی چامەکان
لاشەکان... لاشەکان.... لاشەکان
لە هەموو پاشنیوەڕۆیەک بە پەنهانی دەخزن
موزەخانەکانی مەرگ بەجێ دێڵن
تا شەقام و کۆڵانەکان بەرغەزا دەکەن
شارەکان پڕ تۆقین دەکەن
ئەی کەی خێوک ڕابوونەی مردووو زیندووکان
ئاشکرا دەکات و
ئاشتییانە، لاشەکانمان بگەڕێنەوە موزەخانەکان؟!
(وادێ... تۆفانی نووح)
بۆ نوقمی ئەوانەی ماون، کامەیان دێت
تۆفانی ئەتوناپشتم، یان ئی نووح؟!
هەرکەسێ قوتاربوون بخوازێ
با لە گەمییەکی ڕووناهی دەریاڕوویی بکات
ئورشنابی قوتاری دەکات
هەرکێ خێرا بەرەو چیا بڵندەکان بڕوا
خواچە سین قوتاری دەکات
هەرکێ کەللەسەری خۆی لە بن قەرەوێڵەی سۆزانییان بشارێتەوە
عەشتار قوتاری دەکات
هەرکێ خۆی لە تۆڕی ماسیگران بشارێتەوە
ئەوە دەریا هەڵیدەلووشێ
هەرکێش ئاشتییانە لە گۆڕی خۆی ڕابکشێ
تاریکی دەیلرفێنێ
کەوابێ، ئەی مردوو کێیە و
بەو هەمیشەخەمەی...
زەنگەکان بۆ کێ دەترنگێنەوە؟

**پەراوێز:**

* بۆ پتر فەهمینی هۆنراوەکان، پەراوێزمان بۆ وشە و زاراوەی نابەردەس کردووە، ناسراوەکانیش خۆیان دیارن. وەرگێڕ.

ئایا: ئەیا. ئەئا. Ea خواچەی دانایی و ئاوەقوولەکانە، لە کەلەپووری ئەکەدی و بابلی خواچەیەکی زیرەک و خێرخوازە. پێشووتر لای سۆمەرییەکان ناوی (ئەنگی)یە. کە ئەنلیل بە هاوکاری چەند خواچەیەک بڕیاری دا ببتە وشکی و بێ بارانی و

خەڵکی تووشی برسێتی بکات، ئایا هەستی بەئەنجامی دەبەنگانەی خواچەکان کرد، بۆیە بۆ ئاودانی زەوییەکان و ڕزگاربوونی خەڵکەکە، ئاوی ژێرەوەی بەرهەڵدا.

ئەحیقار: پەندیارێکی عێراقی کۆنە، لە نەینەوا پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییەکان ژیانی بە سەر بردووە، سەردەمەکەش ئی سەنحاریب و ئەسرحادوون پاشا بوو، واتا دوادوایی سەدەی هەشتەم و سەرەتای سەدەی حەوتەمە. نووسەر و مۆرپارێزی سەنحاریب پاشابوو، فەلسەفەکەی خۆی بە زمانی ئارامی نووسیوە. سەرچاوەی بەشێک لە پەندەکانی ئەحیقار، ئی کولتووری هاوبەشی میللەتانی میزۆپۆتامیایە.

ئەو خۆی بینیوەتی: هەر خۆی بینیارە. هەر خۆی قوولبینە. گش شتبین. گش شتزان. فامیاری دانایی. توانابیدارەی گش شت، ئەمانە و چەندان واژەی تر، لە وەرگێڕانی جیاجیا دەبنە دێڕی یەکەمی داستانی گلگامش.

ئوتناپشتم: ئەتوناپشتم. (ئوت نە پیش تیم) .Utunapishtim Utnapishtum پەندیار و مەندیارە لە تۆفانی سۆمەری ناوی (زیوسۆدرا)یە. پاشای شاری شۆرۆپاکە، کە خەڵکەکە بەرەو شەڕانییەت چوون، ئەنجوومەنی خواچەکان بڕیاری فەوتاندنی ڕەگەزی مرۆڤیان دا، خواچە ئایا (ئەنکی) هەواڵی قڕەکەی پێ دەڵێ و ڕایدەسپێرێ کەشتییەکی مەزن دروست بکات و مرۆڤ و گیاندار و زیندەوەری دیکەی تێ بار بکات.

ئورشنابی: ناوەکەی فرەڕێنووسی هەیە، لەوانە: ئورشانابی. ئۆرشنابی. ئۆرشناب. ئۆرشەنابی. ئورشەنەبی. ئورشەنبی. ئور – شامابی. ئورحانابی. ئورخانابی. ئۆرسانبی. سرسنابو مرشنابی. Urshanabi گەمییەوانی خواچە ئۆتۆناپشتمە. گلگامش پاش مردنی ئەنکیدۆی برادەر، لەپێناو نەمریدا هەوڵی دیتنی باپیری خۆی ئۆتۆناپشتم دەدات، جا بە ڕێسپاردەی ئافرەتی مەیخانەدار، بەرەو دەریا دەڕواو دەگاتە لای ئۆرشناب، لەوێ گلگامش بتەکانی دەریا دەشکێنێ، گەمییەوانیش پێی دەڵێ بەم بتشکێنییە، ئامانجەکەت لە خۆ بە زەحمەت کرد، ئۆرشناب، گلگامش لە (ئاوەمەرگ) دەپەڕێنێ و دەیگەیەنێتە نزیک ئۆتۆناپشتم.

ئیرش کیکال: ئیرشخیگال. ئیرشکیغال. ئیرشکیگال. ئێرشیکیغال. ئیریشکیگال. ئەرشکیجال. ئەرشیکال. ئەرەشکیگەل. Erishkigal خواچەی مەرگە و بەرزەخانمی (زەمینی نەگەڕانەوە)یە، خوشکی عەشتارە و لەبەر حەسادەتی دەسەڵات، دەبێتە دوژمنی و لای خۆی لە (ژێرجیهان) بەندی دەکات.

باوکەمان لە...: باوکەمان لە ئاسمان. مەبەست: عیسای پێغەمبەرە.

بزگوڕ: أسمال، ناوونیشانی دیوانە تاقانەکەی جان دەمۆی (١٩٤٣ – ٢٠٠٣) شاعیر و وەرگێڕ و بەرەڵڵا (صعلوک).

پاکناک:. طهور.

پەندک: حیکمەت. حکمة

تۆڤەقووڵە: تۆی قووڵایی.

خازخازی: کورتکراوەی خوازخوازی، خازخازەیی. إلحاح.

خێوک: پەروەردگار. خوداوەند. خوداوەندگار. الرب.

دموزی: دەموزی.دوموزی. تەمووز. دیموزی، لە ئەفسانەی سۆمەری خواچەیەکی شوانە. خواچەی پیتییە، خواچەی ڕووەک و گاڕانە. سەرچاوەی هەموو خواچەکانی سەوزەوات و کەسکاتی و شینایی، ئەوانەی دەمرن و جارێکی تر لە بەهاردا زیندوو دەبنەوە. زیندانکردنی لە ژێر دنیا دەبێتە کاکڵەی ئەفسانەی (دەمووزی و ئەننا). لەوانەیە خۆی بەڕاست (شا) بێ و لە مێژوو ناسراو بێ، جا لە گەڵ زێدەپەرستنیدا بووەتە (خواچە). لە داڕشتەی سەرهاتی بابلی دموزی هەم برای عەشتارە و هەمیش مێردیتی، یان دڵدارەکەیەتی. عەشتار بە مەبەستی قوتارکردنی دەمووزی بۆی دادەبەزێتە ژێرگەی دنیا (دۆزەخ).

رەهبەن: ڕاهیب. ڕاهب.

سین: سن. زین. ئەمە ناوە بابلییەکەی خواچەی مانگە، لای سۆمەرییەکان ناوەکەی (نانا. نەننا. ننا)یە و پەرستگاکەی لە شاری ئوورە. لای بابلییەکان مانگ هەسارەیەکی پیرۆزە و شکۆدارییەکەی لە هەتاو زێترە، چونکە لە وڵاتی خۆیان، تیشکە گەرمەکانی هەتاو ژیانی مرۆڤ ناڕەحەت دەکەن.

شەراو: شەراب. مەی.

شەوەزێ: ئەو شەوەی زانی تێدادەبێ، زاراوەیەکە و زیاتر بۆ لەدایکبوونی مەسیح بەکار دێ. ليلة الميلاد.

شمش: شەمش. شماش. خواچەی هەتاو. خواچەی داد و مافە. لە داستانی گلگامش لە دوو هەڵوەستە ناوی دێت ١- کاتێ خمبابای نەفرەجا، هێرش دەکاتە سەر گلگامش و ئەنکیدۆ، هەردووک نزابێژەی (شەمش) دەبن، تا یارمەتییان بدات، ئەویش بە هاواریانەوە دێت، بایەکی دژوار دەنێرێتە گژ خمباباو دەستەکانی ئیفلیج دەکات. ٢- کە گلگامش بەرەو وەدەستهێنانی (ڕووەکی نەمری) دەچێ، لە تاریکەڕێدا دوازدە فەرسەنگ (فرسخ) دەبڕێت تا دەگاتە لای شماش، ئەویش پاش زانینی مەبەستەکەی پێی دەڵێ: هەرچەندی دیکە درێژە بە ڕێگابڕین بدەیت، هەر ناگەیتە ئامانج.

عەشتار: عیشتار. ئشتار. Ishtar ئەمانە لای ئەکەدی و بابلی ناوی خواچەیەکی مێیە و چێژی سێکسی و زاوزێی مرۆڤ و گیاندار و ڕووەک بەڕێوە دەبات، هەروەها شەڕانییەت و تۆڵە. لای کەنعانییەکان ناوی عەشتەرووتە. بەر لەوان لای سۆمەرییەکان ناوی (ئیننا)یە، سەربوردەی زۆرە و بۆ ئێرە تەنیا ئاماژە بە خۆی و دموزی دەدەین، بە کورتی: عەشتار شاهانە خۆی جلپۆش دەکات و بە مەبەستی ڕزگارکرنی ئەڤیندارەکەی دەمووزی دادەبەزێتە (خاکی نەگەڕانەوە)، ئەگەرچی سۆمەرناس و بابلناس هەیە و (جیا لەمە) پێی وایە بەتەواوەتی مەبەستەکەی دیار نییە. لەوێ بە فەرمانی ئیرشکیگال، عەشتار لەشڕووتە و بەرداد دەکرێت. دواتر ئەنگی هەوڵی بەردانی دەدات.

عەینەن: عەین. بەمانای (وەک) کوردێنراوە.

فانۆسی باوکم: ئاماژەیە بۆ هۆنراوەیەکی سەرگۆن پۆلص (١٩٤٤ – ٢٠٠٧) بە ناوونیشانی (حامل الفانوس في ليل الذئاب) دیوانەکەشی هەر هاوناوی ئەم هۆنراوەیە.

کەوەگەردوون: گەردوونێکی خۆڵەمێشی. الكون الرمادي.

میهران: دڵنەرم. حنون (حەنوون)

هاتیار: ئەو کەسەی کەوا دێ. هاتوو.

هەوزینگە: ئاوزینگ. سەرەمەرگی.

**سەرچاوە:**

*** أنا وأسراب الحمائم، شعر، بطرس نباتي، تموز للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠١٤.**